# عەلی بابا

## كاروان ئەنوەر

نازناوی (عەلی بابا) لە فەرهەنگی رۆژهەلاّت و رۆژئاوادا بۆ كەسێك بەكاردێت دووربێت لەڕووتان و پەرژینێكی قایم بێت (دزی) بكات!! باوەڕناكەم كەسێك هەبێت چیرۆكی عەلی بابای نەبیستبێت لە (هەزارو یەك شەوە–ألف لیلە ولیلە) دا كە چۆن شاری بەغدای هەژاندبوو، هەروەك بلێی بڕۆی لەسەر چاو هەلّدەگرت و بنێشتی لەدەم دەردەهێنا، یان خۆمان واتەنی بەلاّی قورئاندا تێپەڕییایە () ەكەی لێدەدزی. . عەلی بابا یەك پالّەوانی ئەفسانەیی بوو، بەلاّم سەد داخ شاری بەغدای ئەمڕۆ بەهەزاران عەلی بابا تیایدا تەراتێن دەكەن و سەدان عەلی باباشیان لە برا كوردەكانی خۆمانن. . شەرم نیە كە دەلّێم برا كوردەكانمان! چونكە ئێمە برامان زۆر زۆرە لەوانە: برا عەرەبەكانمان، برا توركەكانمان، برا ئێرانیەكانمان، برا خائینەكانمان. . هتد. چونكە ئێمە هەموو كەس بەبرای خۆمان دەزانین و كەس بەبرای خۆیمان نازانێت، هەموو كەسمان خۆشدەوێت و كەس خۆشی ناوێین. . ئابەم هەموو گێلیی و ساویلكەییەمانەوە، كە هەردەم برا عەلی باباكانمان لە تورك و عەرەب و فارس وئینگلیز دەستیان لە دزیی وتالاّنی مالّی ئێمە هەلّنەگرتوە، كەچی لە كۆتایی فیلمەكەدا ئەوان بە محەمەدی مەهدی دەرچوون و ئێمەش بە عەلی بابا. .

بەلّێ هەزاران سالّە دزیی وتالاّنی مالّی ئێمە دەكرێت كەچی بەرد هاتە گۆو دەمڕاستێك نەبوو بلّێ گوناهە مالّی كورد بە تالاّن ببرێت، ئەی بۆچی كوردی ساویلكە كە بە پارەی باخەلّی خۆی مالّی دزیی كڕییەوە بە سەردەستەی چەتەكان دەرچوو؟؟ بێگومان ئەمەش خالێكی تری كالّفامیی برایانی كوردی گیرفانپڕ بوو، ئەگینا چ ویژدانێك بەوە قایل دەبێت هەزاران فەرمانبەری بەشەرەف زیاتر لەدوومانگ وەك زەڕنەقووتە دەم بۆ ٢٠ دۆلاری ئەمریكی بكەنەوە كەچی عەلی بابایەك لەو لاوە ٢٠ مۆنیكاو نیسان و ئەرنەب تالاّنكڕبكات؟ ئەو توێژە بەشەرەفەی كە سەری كوردیان گەیاندە كەشكەلاّنی فەلەك بەوەی بەرگەی جەورو ستەم وسەرماو برسێتییان گرت، سەری بەرزیان بۆ مووچە شۆڕ نەكرد، بەلاّم ئەمڕۆ ناوو ناتۆرەی خراپ ئەوانیش بگرێتەوە، ئەو شەرەفپاكانەی كە زۆر ناهەقییان قبولّكرد تەنها لەبەرئەوەی ناوی كورد بەرز بكەنەوە كەچی ئەمڕۆ دزو حیزو جەردەكان بە سەیارەی دزراو بەلایاندا وەك تیسكەی تفەنگ تێپەڕن و ئەمانیش تاكدینارێكی ئاسن لە گیرفانیاندا نەبێت، بەلّێ لە رۆژگارەكانی لێشاوی پارەبارانی حكومەتی هەرێمدا فەرمانبەرێكی بە ئەزموون مووچەی مانگێكی خۆی وخێزانی نیو هێندەی ئەو بڕە پارەیە نەبوو كە () یێكی بەدرەوشت لەسەر سمتی سۆزانییەك بەجێی دەهێشت، ئەو حالّەتەشی پێقبوولّكرا تەنها لەبەر سەركەوتنی ئەزموونە كوردییەكە!! كەتا دوو مانگ لەمەوپێش خەوشی لەسەرنەبوو، كەچی هەر ئەو بەدڕەوشتانە جارێكی تر ڕیسەكەیان لێ كردەوە بە خووری و هەموومانیان لەبەرچاوی دنیا كرد بە عەلی بابا، بەلّێ كە كوردێك لە بەغدا دەبینرا جاران خەلّك دەستیان ماچدەكرد كەچی ئەمڕۆ دەستیان بەگیرفانی خۆیانەوە دەگرن، من ناهەقیان ناگرم چونكە ئەوكوردانەی بە رەفتار عەلی بابان و لە سەردەمی كیمیابارانی هەلّەبجەو راپەریندا ئەو خوەیان هێنایە ناو كوردەوە، ئەوەیش كە رۆژهەلاّتناسان باسیان لێوە كرد سەبارەت بە رەوشت بەرزی و دەست پاكی و داوێن پاكی كورد، ئەم دزانە ئەوەشیان بەدرۆ خستەوە. . زۆر ترسناكە كۆمەلّێك دز پێناسی گەلێكی شۆڕشگێڕ بن تا كار بگاتە ئەوەی لەهەندێك شوێن فەتوای كوشتنی كورد بدرێت و لەهەندێك شوێنیش كوفری ئەوە بكرێت كە حوكمی سەددامی لەگۆڕنراو لە سەردەمی ئازادیی عیراق باشتربێت. . بۆچی؟ چونكە دز وتالاّنچی كارێكی وەهایان بە زۆر شوێن كرد كە بە () بەغدا نەكرابێت. . سەرباری ئەمانەش سەرە زلە خائینەكانی ناو دارودەستەكەی رژێمەكەی بەعس و ئەنفالچییەكان لە ئامێزی گەرمی كوردستاندا تەراتێن دەكەن و هەر ئەمڕۆ نا سبەینێ ئەوانیش دەبنەوە بە مەسئوولەكانی جاران و هەروەك دیمان خەلّكە بە هەلّوێستەكەش دەكەونەوە ژێر دەستیان بۆیە بە یەكدەنگ دەبێت وەك كۆرس لەدوای ئەوانەوە بلّێین:

بژی عەلی بابا. . بمرێ سیندیبادو ئەوانەی دوای جرتی هەلّوێست وقسەی قۆڕی كوردایەتی كەوتن. . پیاو ئەو پیاوەیە ئەمڕۆ مۆنیكای لەژێردابێت. .

karwananwar@yahoo. com